لەئەنجامی گەردەلوولی مانیی لە وەاتی فلیپین دەیان کەس گیانیان لەدەستدا

دەزگای نیشتمانیی کارەساتەکانی فلیپین ئەژی پێنجشەممە ڕایگەیاند، کە 12 کەس گیانیان لەدەستداوە و چواری دیکەش بەسەروشوێنن لەئەنجامی گەردەلوولی (مانیی) کە باکووری ئەژئاوای پایتەختی وەاتەکە مانگلا گرتەوە لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوو.

دەزگاکە ڕایگەیاند، کە گەردەلوولەکە بەخێرایی 185 کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا گوندەکانی ژێر ئاو و باڵەخانەکانی وێران کرد و بووە یەکێک لە بەهێزترین گەردەلوولەکان کە ئەمساڵ وەاتی فلیپینی گرتەوە.

ئاریەل نیپە موسینە، بەرپرسی ئەفیسی بەرگری شارستانی فلیپین دەڵێت: زەربەی قوربانیەکان لە ناوچە شاخاوییەکانی باکووری پایتەخت ڕوویانداوە و حەوت کەس بەهۆی داڕمانی زەویەوە گیانیان لەدەستداوە لە پارێزگای نوفا ڤیزکایا.

مانیی شەشەم گەورەترین زریانی گەردەلوولی فلیپینە کە لە ماوەی یەک مانگدا ڕوویدابێت و بەڵایەنی کەمەوە 175 کەس گیانیان لەدەستداوە و هەزاران کەسی ئاوارە کردووە.